یەکەی رۆژنامەوانیی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی
سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED)

راپۆرتێک دەربارەی:

# بەشداریی ژنان
# لە کاری سیاسی دا لە گەرمیان
# گرفت و ئاستەنگەکان

یەکەی رۆژنامەوانیی مافەکانی مرۆڤ

## ١. پێشەکی

روخساری سیاسەت لە هەرێمی کوردستان دا بەگشتی نێرانە دەرکەوتوە، ئەمە لە ئاست ناوچەیەکی وەکو گەرمیان زەق ترە. سنورداریی بەشداریی ژنان لە کاری سیاسی و لە ریزی حزبە سیاسیەکاندا، لە دیارترین سیماکانی کاری سیاسیە لە گەرمیان. یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ،، لە چوارچێوەی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED)، راپۆرتێکی قوڵی بۆ بەدواداچونی ئەم پرسە ئامادە کردوە. تیایدا لەسەر زاری ئەو ژنانەی لە حزبە سیاسیە جیاوازەکانی سنورەکەدا چالاکن، باسی لە پرسی بەشداریی ژنان و ئاستەنگەکانی بەردەمی کردوە، هاوکات پێشنیاز و چارەسەری بۆ زیادکردنی ئەم بەشدارییەشی خستوەتەڕو.



## ٢. ئاستی بەشداری ژنان لە نێو حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان

ژنان کۆکن لەسەر ئەوەی بەشداری ژنان لە نێو حزبە سیاسیەکان گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەرچی جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە ئاست خواستی ژنان نیە.

ئاڵا تەها، لێپرسراوی بۆردی ژنانی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وتی: بە شێوەیەکی گشتی ژنان لە حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان خۆیان بەدور دەگرن، هۆکارەکەشی پەروەردەی خێزان و پیاوسالاری و کۆمەڵگەیە، کە وایکردوە سیاسەت بڤە بێت، تەنانەت لە سلکەکانی دیکەش رەنگی داوەتەوە کە جیاکاری رەگەزی بونی هەیە.

وتیشی: «بەشێوەیەکی گشتی رێژەکە کەمە لە تموحی ئیمەی ژنان نیە، تەنانەت گرنگی بە توانای ژنان نادەن و سیاسەت لە لایەن پیاوانەوە قۆرخ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چاو رابردو باشترە».

هاوکات، شلێر ئەحمەد، کارگێڕی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «بەشداری ژنان لە گەرمیان لە نێوحزبەکاندا جیاوازە ئەگەر باسی حزبی خۆمان بکەین رێژەیەکی باشی ژنان هەن و گرنگی باشیشی پێدراوە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیر بکەین لە جێگەی تموحی ئێمەی ژنان نیە، چونکە ئافرەتی ئێمەی گەرمیان زۆر بە کەمی دێنە ناو سیاسەت، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە دیارترینیان خێزانە».

هەندێکی دیکە لە ژنان بەشداری ژنان لە نێو حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان بە لاواز دەبینن.

شەیما جەمال کوێخا، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆران لە گەرمیان، دەڵێت: «بەشداری ژنان لە نێو حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، رێژەیەکی کەمی ژنان بەشداری دەکەن لە کایەی سیاسیدا نەک لە ئاستی گەرمیان، بەڵکو لە ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە«.

وتیشی: چونکە زۆربەی ژنانی ئێمە یان فەرمانبەری دەوڵەتن یان ژنی ماڵەوەن بەتاییەت بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان، ئەمەش لە نێو نێو حزبەکان نەیان توانیوە ئەوە بکەن، لە ناو بزوتنەوەی گۆڕانیش ئەوە نیە کە ژنان بتوانن لە نێو سیاسەتدا لایەنی داراییان بەهێز بکەن.

بە پیچەوانەوە، مژدە محەمەد، لێپرسراوی لقی خوشکانی کەلاری سەربە یەکگرتوی ئیسلامی، باس لەوە دەکات: «تەنها دەتوانم باس لە حزبەکەی خۆم بکەم کە پێشینەیەکی سەرەتای باشی هەیە لە بەشداری پێکردنی ژنان لە نێو حزبەکەدا، بە جۆرێک لە ٤٨٪ی پۆستەکانی رێکخستنی حزبەکە پێکدەهینێت و لە ٢٥٪ی پۆستە باڵاکانە».

دەشڵێت: «لە نێو حزبەکەی مندا هیچ بەربەستێک نیە بۆ زیادکردنی رێژەی ژنان».

## ٣. بۆچونی ژنان تاچەند بەهەند وەرگیراوە لە نێو حزبە سیاسیەکاندا؟

ژنانی بەشداربو لە نێو حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان جەخت لەوە دەکەنەوە بۆچونیان بەهەند وەرگیراوە، بەڵام وەکخۆیان دەڵێن کەمی ژنان هۆکارە بڕیاردەری کارەکان پیاوان بن.

ئاڵا تەها، لێپرسراوی بۆردی ژنانی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وتی: «ئێمە وەک حزب لە دەستەی بەڕێوەبردن تەنها ٣ ژنین، بە بەردەوامیش پێشنیار و ڕەخنەمان هەبوە، درکم بەوە نەکردوە کە وەک ژنێک گوێمان لێ نەگیرێت یان رامان وەرنەگیرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە هەندیش وەرگیراوە وەکچۆن بۆ پیاوان حساب کراوە».

بە هەمان شێوە، شلێر ئەحمەد، کارگێڕی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: «وەرگرتنی بۆچونی ژنان لە نێو حزبێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە و دەگۆڕێت، ئێمە لە پلەی کارگێڕی حزب حەوت پیاو و ٢ ژنین، بۆ هەر بابەتێکیش رای زۆرینەیە کە پیاوەکانن، ئەگەرچی ئێمە قسەی خۆمان دەبێت و ڕەخنە و پێشنیاریش دەکەین وەریشی دەگرن، وەریش گیراوە».

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی کەمی ئافرەتە لە پۆستەکان کە وایکردوە کە وابێت و رای پیاوان بسەپێنرێت.

«لە نێو حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان نەک تەنها ژنان، بەڵکو زۆرجار بۆچونی پیاوانیش وەرناگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک ژنێک بۆچونێکی باش پێشنبار ئەکرێت بە جدی وەردەگیرێت و کاری لەسەر ئەکرێت بە گوێرەی ئەو بۆچونەی کە کەسەکە پێشکەشی دەکات». شەیما جەمال کوێخا، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان لە گەرمیان وای وت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: زۆر ژنمان هەیە لە پۆستە باڵاکان و ئەندامی سەرکردایەتین بۆچونەکانیان بە هەند وەرگیراوە، لە ئاستی گەرمیانیش بەهەمان شێوەیە.

مژدە محەمەد، لێپرسراوی لقی خوشکانی کەلار، باس لەوە دەکات: «هیچ پرسێک و ڕەخنە و پێشنیارێک لە نێو حزبەکەی ئێمەدا جێگیر ناکرێت هەتاوەکو تەواوی ڕەخنە و پێشنیارەکانی ژنانیش وەک پیاوان وەرنەگیرێت».

## ٤. ئاستەنگیەکانی بەردەم ژنان لە هاتنە پێشەوەیان بۆ نێو سیاسیەت

ژنان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە پەروەردەی خێزان و دابونەریت و کۆمەڵگە هۆکارن بۆ کەمی هاتنە پێشەوەی ژنان بۆ نێو کایەی سیاسی لە گەرمیان.

شلێر ئەحمەد، کارگێڕی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «ئاستەنگی زۆرە دیارترینیان خێزانەکانە دواتر کۆمەڵگە و دابونەریتی ناوچەکەیە ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکە ناوی حزب ناشرین کراوە و ترسێکیان لە دڵی ژنان ڕواندوە کە نەتوانن بێنە پێشەوە، بۆیە ئاساییە ژنێک تاوەکو ١٢ی شەو لە مۆڵێک کار بکات، بەڵام ئامادە نیە بێتە ناو حزبێک».

بەهەمان شێوە، شەیما جەمال کوێخا، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان لە گەرمیان، دەڵێت: «ئاستەنگ زۆرن لەبەرامبەر نەهاتنە پێشەوەی ژنان بۆ نێو حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان، یەکێک لەوانە کە بەرۆکی ژنانی گرتوە ترسی پیاوانە لە بەرامبەر باڵادەستبونی ژنان لە نێو سیاسەت، بە جۆرێک ئێمە لە ناو کۆمەڵگایەکی پیاوسالارین ئەمەش لەلایەن پیاوانەوە قبوڵ ناکرێت و پێیان هەزم ناکرێت ژنان پلە و پۆستێکیان هەبێت لە هی پیاوان بەرزتر و گەورە تر بێت».

باسی لەوەشکرد: دوەمیان ژینگە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە کە هۆکارە بۆ رێگەگرتن لە هاتنەپێشەوەی ژنان بۆ نێو کایەی سیاسی، هەر بۆیە وایکردوە ژنان دوربن لە سیاسەت و نەیانویستوە تێکەڵ بە بوارەکە ببن.

«ناوچەی گەرمیان لە چاو ناوچەکانی دیکە جیاوازە، دابونەریت باڵی کێشاوە بەسەر حزبدا لە ناوچەکە، هاوکات خێزانەکانیش بەشێکن لەمە، ئەگەرچی پێویستە ژنان خۆیان بسەلمێنن و بێنە پێشەوە». مژدە محەمەد، لێپرسراوی لقی خوشکانی کەلاری سەر بە یەکگرتوی ئیسلامی وای وت.

## ٥. ڕۆڵی ژنان لە بەرەوپێشبردنی حزبەکان لە گەرمیان

«نەک لە نێو حزب و سیاسەتدا، بەڵکو لە زۆربەی بوارەکان ژنان جێ دەستیان دیاربوە و ڕۆڵی زۆر باشیان هەبوە لە بەرەوپێشبردنی حزبدا، لە کاتێکدا پێشتر عەیبەبو ژنێک بچێتە ناو بارەگایەکی حزبی و جۆرێک بو لە سەرکێشی کە ئەمە لەلایەن خێزانەکانەوە قبوڵ نەکراوبو». ئاڵا تەها، لێپرسراوی بۆردی ژنانی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وای وت.

شلێر ئەحمەد، کارگێڕی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «ژن حزبەکانی بێبەش نەکردوە لە سەرکەوتن و جێدەستیان دیارە، بەڵام ناگاتە ئاستێکی زۆر بەرز، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی تێپەڕاندوە کە بڕیاردەر هەر پیاو بێت، چونکە ڕێژەکە زۆر گۆڕاوە لە چاو ساڵانی نەوەدەکان».

هاوکات، شەیما جەمال کوێخا، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان لە گەرمیان، وتی: «وەک دەوترێت ژن نیوەی کۆمەڵگایە و دایکی نیوەکەی ترە، بۆ بەرەوپێشچونی حزبەکان ئەمە ڕاستە، چونکە ئەگەر حزبێک تەنها پیاو بەڕێوەی ببات بەرەوپێشچون بە خۆیەوە نابینێت».

ژنێکی بەشدار لە نێو حزبەکان لە گەرمیان باس لەوە دەکات، بەهۆی ژنانەوە ڕێژەی لە ٧٥٪ی مەسەلەی حزبی ڕۆشتوەتە پێشەوە.

مژدە محەمەد، لێپرسراوی لقی خوشکانی کەلاری سەربە یەکگرتوی ئیسلامی، باس لەوە دەکات: «لە دهۆکەوە هەتاوەکو کفری ئێمە یەک پەیڕەو و پرۆگرام جێبەجێ دەکەین، بۆیە ژنان لە گەرمیان ڕۆڵی زۆرباشیان هەبوە و ڕێچکەیان شکاندوە، بە جۆرێک لە ٧٠٪ی مەسەلەی حزبی ڕۆشتوەتە پێشەوە».



## ٦. پرسی گێچەڵپێکردنی ژنان لە نێو حزبەکان لە گەرمیان

«گێچەڵپێکردن بە ژنان لە هەمو دونیا بونی هەیە، کوردستان و بەتایبەت گەرمیانیش بێ بەری نیە لەو پرسە، بەڵام وا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵە لە ناو حزب و سیاسەت دام شتی وام روبەڕوم نەبوەتەوە و بەر گوێشم نەکەوتوە، ئەوەی هەیە رێژەییە». ئاڵا تەها، لێپرسراوی بۆردی ژنانی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وتی.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەوەی هەیە تەنها سیاسەت وێنەیەکی خراپی بۆ دروست کراوە و بەو شێوەیە نیە.

شەیما جەمال کوێخا، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان لە گەرمیان، وتی: «لەو باوەڕەدا نیم لە گەرمیان گێچەڵ پێکردن بەو شێوە زەقە هەبێت، ئەگەریش هەبێت رەنگە حاڵەت بێت و نەبوە بە دیاردە، هەرچەند من نەم بیستوە«.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا گێچەڵ هەیە بەگشتی لەلایەن رەگەزی بەرامبەرەوە بە ژنان هۆکارەکەی بۆ ئەو ترسە دەگەڕێتەوە کە بەرامبەر بە ژنان هەیە لە نێو کایەی سیاسیدا بۆ ترساندنیان و نەتوانن بێنە پێشەوە.

هاوکات، شلێر ئەحمەد، کارگێڕی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: «سەبارەت بە گێچەڵپێکردن کاریزمای کەسەکە خۆی وا ئەکات کە نەتوانێت هیچ کەسێک شتی وای بەرامبەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بە گشتی قسەبکەم و بڵێم نیە، بەڵام وەک حزبەکەی خۆم شتی وا نیە و نەبوە».

## ٧. ژنانی گەرمیان و وەرگرتنی پۆستی باڵا لەنێو حزبەکان دا

ژنانی سیاسەتوانی گەرمیان، دەڵێن پۆستی باڵایان پێدراوە لە نێو حزبەکانیان، بەڵام بەهۆی کەمی ژنانەوە لە نێو حزبدا کەمتر ئەو پۆستانە بەر ژنان کەوتون.

ئاڵا تەها، لێپرسراوی بۆردی ژنانی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وتی: «ئەگەر باسی حزبەکەی خۆم بکەم بڕیاردەری سەرکردایەتیمان ژنە و ئەندامی سەرکردایەتیشمان هەیە ژنە، لە نێو گەرمیانیش پۆستی باڵا دراوە بە ژنان و لە ناوەندی بڕیاردان».

وتیشی: رێژەیەکی کەمی ژنان هەن لە نێو حزبەکاندا ئەمە وایکردوە کەمترین پۆستی باڵا لای ژنان بێت، بۆیە پێویستە ژنان خۆیان بێنە پێشەوە.

هاوکات، شلێر ئەحمەد، کارگێڕی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «لە نێو حزبەکەی مندا کە ژنان کەمن لە پۆستی باڵا لە ئێستادا، بەهۆی کۆنگرەوەیە کە پلە بەرزکردنەوەی راگرتوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە کەمی ژنان لە نێو حزب وایکردوە کەمتر پۆستی باڵا بدرێت بە ژنان».

دەشڵێت: یەکێکی دیکە لە کێسەکان قەیرانی داراییە لە وایکردوە دامەزراندنی ناو حزبیش رابگیرێت.

«رێژەی ئەو ژنانەی کە پۆستی باڵایان پێدراوە لە نێو حزبە سیاسیەکان لە گەرمیان رێژەیەکی زۆر زۆر کەمە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری خودی ژنان خۆیان کە ژمارەیان کەمن لە نێو حزبەکان، بە جۆرێک ئەتوانین بە پۆینت بژمێردرێت بەراورد بە پیاوان، ئەمەش وایکردوە کەمترین رۆڵیان هەبێت». شەیما جەمال کوێخا، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان لە گەرمیان، وای وت.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەو ژنانەی کە وجودی خۆیان سەلماندوە لە نێو حزبەکان توانیویانە پلەو پۆستی باڵایان هەبێت و لە ئاستێکی بەرزدا بن، بە جۆرێک کۆمەڵێک زۆر ژنی بە توانامان هەیە لە نێو مەڵبەند و لق و مەکۆکان، تەنانەت لە ئەندامانی سەرکردایەتیش بونیان هەیە، ئەگەرچی ئەو رێژەشی کە هەیە لە خواستی ئێمەی ژنان و پێداویستی ناوچەکە نیە.

مژدە محەمەد، لێپرسراوی لقی خوشکانی کەلاری سەربە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، باس لەوە دەکات: «ئێمە ئەگەر بچینەوە بۆ رابردو لە ساڵی ٢٠٠٦ کە هەڵبژاردنی پەرلەمان کرا یەکگرتو ٦ کورسی هەبو ٣ی بۆ ژن بو، ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە نێو حزبەکەی مندا پەیڕەو دەکرێت کە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان هەردو رەگەز، ئەگەرچی پێویستە ژنان خۆشیان بێنە پێشەوە و خۆیان بسەپێنن».



## ٨. پێویستە چی بکرێت؟

ژنان لە سنوری گەرمیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە خودی ژنان خۆیان پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و بەکەم سەیری خۆیان نەکەن، دواتر کار لەسەر کۆمەڵگە بکرێت و هۆشیار بکرێنەوە، حزبەکانیش زەمینەسازی زیاتر بکەن بۆ هاتنە پێشەوەی ژنان.

ئاڵا تەها، لێپرسراوی بۆردی ژنانی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وتی: «پێویستە ژنان توانای خۆیان بخەنەگەڕ و متمانەیان به توانای خۆیان هەبێت و بە کەم سەیری خۆیان نەکەن و زەمینە بۆ خۆیان بسازێنن».

ژنێکی بەشداربو لە سیاسەت لە گەرمیان باس لەوە دەکات کە پێویستە حزبەکان زەمینە سازی زیاتر بکەن بۆ هێنانە پێشەوەی ژنان.

شلێر ئەحمەد، کارگێڕی لقی ٢٢ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «پێویستە بوار بە ژنان بدرێت کە توانایەکیان هەیە بێنە پێشەوە لەلایەن خێزانەکانەوە بەتایبەت دواتر کۆمەڵە، حزبەکانیش بواری زیاتر بڕەخسێنن بۆ ژنان کە بێنە ناو بوارەکە».

هێمای بۆ ئەوەشکرد: پێویستە کۆمەڵگە هۆشیار بکرێتەوە و هەوڵ بدەن ژنان بێنە پێشەوە.

متمانە بە خۆبونی ژنان یەکێک لەو خاڵە جەوهەریانەی کە لەلایەن ژنانی بەشداربو لە نێو حزبە سیاسیەکانی گەرمیان باسی لێوەدەکرێت، کە هۆکارە بۆ ئەوەی گوێی لێبگیرێت.

مژدە محەمەد، لێپرسراوی لقی خوشکانی کەلاری سەر بە یەکگرتوی ئیسلامی، باس لەوە دەکات: «پێویستە ژنان خۆیان تموحیان هەبێت و زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن، ئەمەش وا دەکات ٪١٠٠ گوێلێگیراو بن، بەڵام ئەگەر بێتو خۆیان تموحیان نەبێت و خۆیان بە کەم بزانن لە هەر حزبێک بێت ناتوانن بڕۆنە پێشەوە».

وتیشی: پێویستە پرسی دابونەریت کاری لەسەر بکرێت.

«بۆ هێنانە پێشەوەی ژنان لە نێو حزبە سیاسیەکان، یەکێک لە خاڵە گرنگەکان مەسەلەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگایە، ئەگەر کۆمەڵگا هۆشیار بکرێتەوە، نەک تەنها لە سیاسەت، بەڵکو ژنان دەتوانێت لە هەمو کایەیەک کاربکەن، ئەمە دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو ئاستەنگیانەی کە دێتە پێش ژنان». شەیما جەمال کوێخا، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان لە گەرمیان، وا دەڵێت.

وتیشی: یەکێکی دیکە لە خاڵەکان بەهێزکردنی لایەنی ئابوری ژنانە لە نێو حزبەکان بۆ ئەوەی بتوانن بێنە پێشەوە و کاربکەن.

## دەربارەی یەکەی رۆژنامەوانیی مافەکانی مرۆڤ

یەکەیەکی رۆژنامەوانیی تایبەتە بە بەدواداچونی پرسەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی. لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) دامەزراوە.

کاری بەرهەمهێنانی بابەتی رۆژنامەوانی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و هەروەها ئەنجامدانی چالاکی جیاوازی وەکو: خول، وۆرکشۆپ، راپرسی، سیمینار، گفتوگۆی کراوە و ئامادەکردنی راپۆرتی قوڵ.

* سەرپەرشتیاری یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و ئەم راپۆرتە: زریان محەمەد
* پەیوەندی:
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
٠٧٧٢٨٥١٨١٦٣
* شوێنی یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە ئینتەرنێت:
http://www.radiodeng.net//pages.aspx?kodtech=٣